لێکۆڵینەوە

دلاوەر قەرەداغی و سەفەری پیکابێکی باغە

پێشەکی

شیعر منداڵێکی ورکاوی بێ زمانە ..کەسمان بە تەواوی لێی حاڵی نابین کە داوای چی دەکات....!                    هەمەوەند

نووسینی هەموو دەقێک جۆرێک لە ژانگرتنە*

پاوڵۆ کۆیلۆ

خوێندنەوەی ئەو دیوی رۆئیاکانی شیعر ..رامان لە کەڤاڵەکان..کردنەوەی رمۆزنەکان، لای هەر یەکێک لە ئێمە بە جیاوازی شرۆڤە دەکرێت، بە تایبەت ئەو دەقە شیعریانەی هزری مرۆڤ گڕدەدەن، لەززەتێک بە روح دەبەخشن، هەر وەک ئەو مۆزیکانەی پەنجەرەکانی روح دەکەنەوەو لەو غەفلەتانە رامانده‌چڵکێنن، کە نووستووی بەر خەیالین و سروشت لە واقیع بە دیار دیارەکانەوە ماتەڵی کردوویین،لە نادیاریەکانمان بێخەبەرین.

سرووشت ئەوەندەی بە دیمەنە زەقەکانیەوە جوانە، ئەوەندە بەو خەیاڵانەوە جوانترە کە هزری مرۆڤ لە مەڕ تایبەتمەندیەکانی خویەوە دایدەهێنێ. ئەگەر گڤەی با نابینین.. بەڵام درک بەوە دەکەین با

هەڵیکردووە. ئەگەر گوێمان لە زمانی ئاوی گۆمێکی وەستاو نیە.. وەلێ چاومان لێیە دیمەنی ئاوێ هەیە..هتد. کەچی لە دونیای شیعر کاتێ بە هەست و نەستەوە شۆڕ دەبینەوە ناو دونیای دەق، لەوێ با دەبینین و گوێمان لە زمانی ئاوەو لەوێ روح دێتە حزوور و ئەو زیکرانەمان لە تەکا دەکات کە دونیای پاش مردن فانیەت نیە.

پەیوەندی نێوان شتە بینراوەکان و نابینراوەکانی زمانی شیعر و وێنای شیعری لە رێی میتافۆرەوە درووست دەبن.*

لە شیعری (جادەی مێخەک) دلاوەر قەرەداغی دەڵێت:

تۆ لە جادەی مێخەکدا

فرۆشیارێکیت دەستگێڕ

هەر جارەی شتێک دەفرۆشیت

جارێ بەخت

جارێک.. ئازادی بە شەرتی چەقۆ

جارێک کێشکەی فڕیو

جارێک شەکرلەمەی باران

دەیان کەڤاڵی سیریالیزمانە لەم هۆڵی شیعری دلاوەردا هەلوەستەمان پێدەکات. ئەم زمان و وێناو ئەندێشەکان شیعر بە تەفسیرێکی تەقلیدیدا نابەنەوە، بۆیە کاتێ دەمانەوێ بە سەلیقە راڤەی دەقێکی وەک ئەوی لای سەرەوە لە خودی ناخی خۆماندا بڕسکێنین، هەست دەکەین چوقەرەی

دەقێکی تازەتر سەر دەردێنێ و زیاتر لەو دونیا نادیارە بە خەبەرمان دێنێت کە پێشتر پێمان نەزانیوە. کەی زانیومانە ..یا بینیومانە بەخت بفرۆشرێت، ئازادی و شووتی چۆن لە ژێر نووکی چەقۆ دەبنە شەرت، بارنی شەکرلەمە بارانی گەزۆیە. ئەم تەئویلانەی دڕ بەو مەملەکەتەی شیعر دەبەن، ئەودیوی خورافات نیە، بەهەشت ئەگەر خورافاتە ئەی بۆ نوێژی بۆ دەکەین؟ ئەگەر ئاسمان بەتاڵیە ئەی ئەودیوی ئەو بەتاڵیە چییە؟

هیچ شیعرێک بەبێ وێنا ناتوانێ خەیاڵمان پێببەخشێت . خەیاڵ ئەودیوی دەقەو کە بە پانتایی ئاسمان هزرمان تیا هەڵدەفڕێت و دوور دەکەوێتەوە.

))ئەگەر لێم بپرسن پەیامی کتێبەکانم..نووسینەکانم چین، دەڵێم: پەیامێکی تایبەتیان نیە، نووسینەکانم زادەی ئەزموون و هزرو هەست و نەستی باوەڕەکانمن............ پاوڵۆ کۆیلۆ((

دلاوەر ئەزموونی دوورو درێژی عومر بە هەموو ناخیەوە باوەڕی پێیەتی، بۆیە دەڵێت:

دەچمەوە بۆ کۆڵانی پایز

بۆ حونجەکردنی ئەلف و بێی باران

بە کۆرپەیی کە بە بیری کەسماندا نایەت بە لای لایە دەیانخەواندین، ئەو لای لایەیە گێڕانەوەی حیکایەتی ئارامی و سەرفرازیبوو بۆ کۆرپەکە دیانووتەوە، تا ترسی پیا نەچزێ. سیحری ئەو لای لایەیە لە ئیدراکی کەسماند نەبوو، هەڵبەت ئەوەی لەتەک ئەو کۆرپەیە دەکرا، وەک

ئاگابوونێکبوو لە دیواودەری تاریک و روونی دونیا، وەلێ ئەو ترسە چیە لەو چرکە ساتە ئامبازی دەبێت؟ سیحری ئەو لای لایەیە لە رەوینەوەی ئەو ترسە چیە؟چیە ئەو هاوارەی لە گەڵ زایندەبووندا ئەو توفڵە قریشکەی بۆ دەکات؟ کە ئەو لە هیچ لە دونیا نازانێت ، چیە ئەو گریەیە کە ئەو هیچ لە مانای بوون و نەبوون نازانێت؟

ئەو هەست بە سیحری ئەو لای لایەیە دەکات لە ریتمی دەنگی خۆی دەکات، تێدەگات هاوسەفەرێکی هەیە، هاودەمێکی هەیە لە خۆی دەکات، بۆیە بەو گریەیە تێدەگەین لە هاودەمی دەگەڕێت، تێدەگەین وەک چۆن ترس لای ئەو دادێ لەو دیواودەری تاریک و روونی شەو و رۆژ ..هەر واش ئارامی خەسڵتێکە لە تەک ترسدا دادێ، ئەوەی راست و درووستی ئەم بۆچوونە دەردەخات، گریانە بەردەوامەکانی ئەو کۆرپەیەیە ، ئەو وڕکگرتنانەی مەحاڵە کەسمان بزانین بە تەواوی چی دەوێ. وەلێ ئێمەش هەر وەک ئەو لەو کۆرپەی گەورەبوونەماندا عەکسی گریە دەلاوێنین.

دایک ..نیشتمانی مناڵیە هەرگیز ناتوانین دەسبەرداری بین، ئەم تەئویلە قەراغی زۆر بە جوانی رسکاندوویەتی و دەڵێ:

(گەورەترین بیرۆکەی هەڵکشان بەرەو غوربەت ، وازهێنانە لە نیشتمان. رەنگە بۆ ئەمرۆ بەردەوامیەک بێ لە رۆژە سەختەکانی شۆڕش، بەڵام خۆی لە خۆیدا گرفتێکی گەورەی پڕ ئێشە، کە ئێمە بەرەو سەرابی دونیا ئازادەکان دەبات ، کەچی وانیە )*

من کە نیشتمانم جێهێشت

خۆمم بەسەری شکاوەوە

لە کۆڵانەکانی مناڵیدا جێهێشت

شەوم بەسەردا هات و لە ناو بەردەکانا

مردم

شیعر وەک کارێگەریەک لەسەر دەروونمان، هێوریەک بە روحمان دەدا. ئەم والاکردنەوەیە سەبوریەک بە گیانمان دەبەخشێ، زۆر جار نەخۆش پێوویست دەکات سەردانی پزیشکی دەروونی بکات، لە چەند دانشتنێکدا چارەسەری نەخۆشیەکەی دەدۆزێتەوەو خەم و ئازارەکانی دەڕەوێنێتەوە.شیعر لەو حاڵەتانەدا کاری دکتۆرێکی دەروونزان دەبینێت و پەنجەرەکانی روحمان دەکاتەوەو گیانمان لە ژووری ئینفیرادی ئازاد دەکات .

ئەوەتا دلاوەر قەرەداغی پیکابێکی باغەی پێیەو من و نۆیش بەم بەرەوە حەسرەتمانە بە سواری ئەو پیکابە بە جادەی خۆڵی مناڵیەوە بگەڕێینەوە. ئەم ناونیشانە بە تەنها قەسیدەیەکی پڕ لە رۆئیاو وێناو بنەمای شیعریە، کەڤاڵێکە لە هەموو ئاراستەیەک و لە هەموو روویەکەوە وەک حیکایەتێکی ئەفسانەیی دەمانگێڕێتەوە لای سەرەتای بوون و سەرەتای دونیا. دەتوانی چەندین رۆژ بە دیار ئەو کەڤالانەوە یا بەو دونیا پڕ لە سیحرە گوزەر بکەی. خەیاڵی مناڵی زۆرتر پەیوەستە بە بە بنیاتی بیر و جەستەو روح، لە دیدگای سرووشتەوە خۆی دەکات بە بوونەوەرێکی سرووشتی جارێ باڵی لێ دەڕوێ و لە تەک برێ ریشۆڵە دەکەوێتە هەڵفڕین، جارێ لە تەک چەند سمۆرەیەک بە بڵای دارگوێزێکدا هەڵدەگەڕێ..جارێ..هتد .

ئەوەی جێی سەرنجە قەرەداغی بۆچی پیکای هەڵبژاردووەو .. بۆچی پیکابێکی باغەی هەڵبژاردووە؟ . رەنگە بیەوێ بمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی پەنجاکان. من بۆ خۆم لەو سەردەمە مناڵبووم کە لە کەرکوک دەچوومەوە لادێ، بە خاو خێزانەوە بە سواری پیکاب دەچوین بۆ لادێ. پیکابەکە هەر ئێمە نەبووین، خەڵکی تری تیابوو، ئازووقەیشی تیابوو کە لە شارەوە دەبرا بۆ دێهاتەکان. ئەو پیکابە موعجیزەیەک بوو ، بۆ کۆمەڵگای

کوردەواری ئەو سەردەمە، دلاوەر ئەو موعجیزەیەی وەک رەمزێکی سیاسی و وەک سونبوولێکی بە ئگاهاتنەوەی منالّی و زۆر شتی تر لە قەسیدەکەیدا تەوزیف کردووە. دواتر دێینە باسی.

غوربەتی دلاوەر غوربەتی منالّیە . گەڕانەوەی بۆ منالّی گەڕانەوەیە لە غوربەتی . سەفەری پیکابێکی باغە سەفەرێکی مێژووییە بۆ سەردەمی دابڕان لە پێشکەوتن. ئەو ئارەزووەی دلاوەر تەرحی قەزییەیەکە لەنتەوەی کورد بەهەموو هۆکارەکانی داگیرکاری و چەوساندنەوە، کە لە غوربەتیش لەبیر ناچنەوە. هاوکێشەکە لە دوو هێڵی تەریبدایە، هێڵێک بەردەوام دەمانگێڕێتەوە بۆ لای منالّی. هێڵێک نیشتمان ناهێڵێ لە منالّی جیابینەوە، ئێمە بە جادەی خۆڵی منالّی شەیدا شەیدا بۆ زیکری میژوو دەروێشانە دەکەوینە حالّ، لە غوربەتیش ئەو حالّە دەمانگرێ بۆ ئەوەی منالّیمان لەبیر نەچێتەوە، کە منالّیمان لەبیر نەچووەوە نیشتمانمانیش لەبیر ناچێتەوەو بڕ بڕ پیکابمان بۆ دەنێرێ، تا بمانباتەوە.

غوربەت بە دیوی مەنفادا!!..

خودای گەورە ببەخشە پێمان مردن.. مردنێک کە لەگەڵ ژیاندا رسکاوە..مردنێکی مەزن کە خۆت دەیبەخشی .. .................پرۆفسۆر سالیناس

شاعیر .. ئاوارەی دونیا، وونبووی نیشتمان، سەرەڕۆی هەمووڕێگاکان ، تەنها رێگایەک کە ناچێتەوە خاکی کوردستان. ئەو لە شارێکی زۆر دوورە

، تەنها پیکابێکی باغەی پێیە ، ڕێگایەکی لەبەرە خۆڵە پەتانەی مناڵی. غوربەت لە ئازادیەکی درۆزنانە موجەڕەد لە هەموو شتێ، هەر مەنفا نیە دلاوەری بردووەتە دوورترین شاری دونیا ، مناڵیش سەردەمێکی دوورە ، دوور بە هەموو کۆڵانەکانی نیشتمان.

لەهەردوو حاڵەتەکەدا قەراغی غوربەتی مناڵی.. غوربەتی ئەمێستای بە مەنفا چوواندوە، مەنفا لەو دورگانەی ژیان نابەخشنەوە بە مەنفاکان. ئەو دەیەوێ بڵێ سەرفرازیەک نیە ..هەتا لەسەر سەفەری فەنابوون بین، ئازادیەک نیە.. هەتا مەنفاکان بمانشارێتەوە. مەنفاکانی بیابان ڕێگایان نەدا ئەنفالەکان بگەڕێنەوە، مەنفاکان لە دووری غوربەت و لە نیومالی مناڵی یەکسانن بە دابڕانمان لە نیشتمان. ئێمە بە جادەی نەهامەتیەکان سەبووریمان دێ بۆ گەڕانەوەمان، ئەوەتا لە ددەستپێکی قەسیدەکەیدا دەڵێ:

خۆر لەوەدایە ئاوابێت

تامی هەنگوین دەدەم

بە پیکابێکی باغە

تا جادەی پڕتەقاڵ دەچم

ئەم چوار ڕەنگە کەڤاڵێک دەڕسکێنن، لە هەموو لایەکەوە دیقەتی بدەی خوێندنەوەیەکی جیاوازی هەیە. ئاوابوونی خۆر ، دابڕانی شتەکانە لە دونیا. بە دیوێکی تر ئەو ئەگەری ئاوابوونەکە دەخاتە پێش ئاوابوون، بەمە کە دونیا ئاوابوو ، حەتمەنیش هەر ئاوادەبێ ، ئەوا ئاوێتەبوونێکە لە نێوان دەنیا و فەنابوونی. بە هەمان شێوە بەر لەدایکبوون فەناییە و

دوای لەدایکبوون دونیایە، ئەم دوو چەمکە قەراغی لە فەلسەفەیەکی هاوکێشەییدا دەیخاتە روو، لە هەمان کاتدا بە چارەنووسی میللەتەکەیەوە بەراوردی دەکات .

گەڕانەوەی بۆ سەردەمی منالّی گەڕانەوەیە بۆ لەبیرنکردنی رابردوو. فیلمەکەی قەراغی بە زوومێکی زۆر نزیک لە پیکابێکی باغەوە دەست پێدەکات. بێ ئەوەی دەستنیشانی شوێن بکات، شوێن جادەی پڕتەقالّە، شاعیر رەمزێکەو بۆ مەبەستی شیعری بەکاری هێناوە ، نە جادەی (سالم)ە نە جادەی سەی سەروە نەیش جادەی تەیرئاوایە. ئەوەی جێی پرسیارە ئەوەیە شاعیر بۆچی رەمزی پرتەقالّی هەڵبژاردووە؟ دوو .. هۆی سەرەکی هەن لەو رمۆزنە. یەک .. دەمی لای خۆرئاوا و رەنگی پرتەقالّ دەلالەت لە خەفەکردنی شتەکانە، دوو.. تامەزرۆیی لەو مل ملانیانەی بەدەم ژیانەوە درووست دەبن، هەڵبەت دلاوەر بەرائەتی منالّی نەخستوەتە مەودای بیرکردنەوە لە شەڕانگێزی، هەروەها وەک هۆکارێکی یاریدەدەر دەوری منالّی کوردی لەو نەهامەتیانی بێ بەش نەکردووە، کە بە پیکابێکی باغە بۆ گەڕانەوەی بۆ سەردەمی کوێرەوەریەکان.

بە دیوێکی تر خۆر دەبێتە سونبوولی ئازادی و ژیانەوە کە زۆر بە زەحمەتی لە گێڕانەوەی نیشتمانی کورد دەڕسکێ، هەڵبەتە مەبەستی لەو شۆڕشانەی کورد بووە ، کە دەبوو لە ژێر یەک پەیام و پەک چارەنووسدا خیتابێکی سیاسیان هەبێت.

لۆرکا دەڵێت:

من دەچمە وێناکانی

شەڕو پێکدادانی ئاو

ئەوەی کۆرپەکانی زایندەبوون تەڕ دەکەن

لە هەموو شتە لاوەکیکان بەدەر دەبم

تا بە مەبەستەکان دەگەم

ئەم گەڕانەوەی لۆرکا بۆ مل ملانێی نێوان رەهەندەکانی سرووشت ، لە (دونیای بە بەردبوو ) دەڵێت هەرگیز نەدەچوە ئەندێشەکانمەوە شەڕی نێوان خۆر و بوونەوەرە کێمدارەکان. بەڵکو پێکدادان لە دەنگۆکانی ژیانەوەیە، ئەو شلەو گاهاناەی رووح و مناڵ لە یەکەم هاواردا دەنگی دەدایەوە.

دلاوەر نەک خۆر تیشکی خۆری بۆ ئەو مل ملانێیە بەکار هێناوە و دەڵێت:

رەنگێک ..بێ تین

لە هەتاوەوە فیچقە دەکات

دەپڕژێتە چاومانەوە

هێند بە کۆڵ پێدەکەنین

لە حەژمەتا چاو دەنوقێنین و

لەبەر هەتاوەکەدا رێک لەوە دەچێ

هۆن

هۆن

## بگرین

لۆرکا هەوڵ دەدات گرفتی ژیانەوە بخاتە روو، قەرەداغی چارەنووسی دوای ژیانەوە، لۆرکا .. هیچ ئینتیمایەکی بۆ نیشتمان نەهێناوەتەوە ، تەنهائامادەباشی لە سرووشت کردووە، دلاوەر ئەودیوی سرووشتی بانگهێشت کردووە، لۆرکا خۆی بە بەشێک لە سرووشت دادەنێ..دلاوەر وونبوی مەنفای سرووشتە . لۆرکا دەچێتە سەفەری سرووشت، بەڵام نازانین بە چی دەڕوات، دلاوەر پیکابێکی باغەی پێیە، کەواتە سەفەر لۆرکا دوور نیەو سەفەری دلاوەر زۆر دوورە، ئاواتەکانی لۆرکا دوور نیەو ئاواتەکانی دلاوەر زۆر دوورە ، عەزیەتەکانی لۆرکا کەمن.. عەزیەتەکانی دلاوەر زۆر زۆرن..هتد .

دلاوەر جارێ بە پیکابێکی باغەوە تا جادەی پرتەقاڵ و جارێکی تر تا گەڕەکی حەلوا و دواتر تا باغی رەشە زەیتوون و ئەوجا گۆڕەپانی ترێ و دیسانەوە سەفەرێکی تری پیکابەکە لە دونیای وێڵکراو و هەمدیس سەفەرێکی بێ پشوو بۆ لای منالّی.ئەم وێنانەو ئەم سکالاّیانە شاعیر بێ مەبەست نەیدرکاندوون. ئەو ئەگەر نەیشیوویستبێ مرۆڤایەتی خەبەر دار کاتەوە، ئەوا خودی خۆمانی ئاگادار کردووەتەوە، لەو وەهمانە راچڵکێین، کە موجەڕەدە لە حەقیقەت، سەد دەر سەد خەونەکان نابن بە دونیای واقیعیەت. هەروەها واقیعەتیش بێ خەون دونیایەکی درووست نیە. ئەو دەیەوێ هەر خەیاڵەکانی پیکاب و پرتەقاڵ و حەلوا و ترێ بە جادەکانیەوە نەبنە کەڤاڵێکی کوردەواری ناو ژوورە داخراوەکانی خودی ناخمان.بەڵکو لەو هیچبوونەوە دەربازبین و واقیع بە زمانی ئەو دیوی شتەکان بخوێنینەوە.

## بەرەو هیچ کوێ

سەفەرێک کە هەمیشە

بریندار

بە دڵی شکاو

بەرۆحێکی هەنجتەوە لێی دێتەوە

سەر دادەگرم

گوێم لێیە..شووشەیەک لە سینەمدا

هاڕە دەکا و

دەشکێ

هەست دەکەم باخێک لە ناوەوەمرا

شنەشن دەسووتێ

قەرەداغی هێند بە ووردی رووداوەکان دەگێڕێتەوە، هەر وەک ئەوەی داستانێکی گێڕابێتەوە. کاتێ هەر کەسێک ئەو قەسیدەیە دەخوێنێتەوە خۆی بە پاڵەوانی ئەو داستانە دەزانێ . فەرامۆشنەکردنی شاعیر بۆ هەموو شتەکان ، بەستنەوەیە بە دونیای کوردەواری ، کە هەموو کوردی لەو شۆڕشی ژیانەدا بەرجەستە کردووە، وەک پێشمەرگەیەکی پڕ چەک دایم لەسەنگەر ئامادە بۆ پاراستنی قەزیەیەک کە سەرتاپای کورد بەشدارن لە پیرۆزکردنی ئەو قەزیەیە.

ئەوەی دلاوەر کاری لەسەر کردووە تەنها لالانەوە نیە بۆ مەینەتیەکان، بەقەد ئەوەی هوشیارکردنەوەیە لە دونیایەک فەوزا زۆر لایەنی لە

چارەنووسی ئێمەدا شاردووەتەوە، دونیای ئێمە لە هیچەوە دەست پێ دەکات و لە هیچیشدا دەخولێتەوە، دەرئەنجامەکەشی لە هیچ زیاتر نیە .

شیعر ئەگەر لە داهێنانیش چووبێتەوە، لە زۆربەی دەقەکانماندا، وەلێ ئینتیمایەک هەیە بۆ زمانە جیاوازەکان و رۆئیا جیاکان، کە بە قەد سیحری ساحیرێ لە خەفەکراوەکان دەدوێ. دونیا لە شێوازە تەقلیدیەکەی دەردەچێت و فەلسەفەیک لە خۆ دەگرێ. شیعر ئەو شێوازە تەقلیدیەی بەسەر چووە، ئێمەی خوێنەر وەک قوتابیەک شیعر (وانە) ئەزبەر بکەین،

ئێستا داپیرە مەتەڵەکان لەبەر گوێی ئاگردان ناگێڕێتەوە،هەموو ئەو گیاندارانەی نێو حیکایەتەکان دڕندە نین، ئێمە لە شەوێکی نووتەکدا زەندەقمان لێ بچێ. بەسەرهاتەکان رووح دەیانگێڕێتەوە، لە زمانی ئاو و دار و بەردو رەنگەکان سەرگورشتەی ژیان دەگێرنەوە. سونبوولەکان جیاوازن لە سەردەمی کلاسیک ، گشت ئەمانە رۆئیایەکی نوێیە لە جیهانی دەقدا، تەنانەت رەخنە گرانیش بە شێوازێکی نوێ ِتر دەقەکان هەڵدەسەنگێنن، بۆ نموونە ..کە دەمانەوێ لە مەبەستی هەڵفڕینی پەیوولەیەک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر تێبگەین، هەڵبەت پێوویستە وەک دەرهێنەرێ، هەموو دووریەکان لێک بدەینەوە، زەرووره چەندین رووداو بەو مەسەلەیەوە ببەستین، تەها فسیولۆژیانە نەڕوانیننە رووداوەکە. ئێمە زیاتر لەم روانگەیەی ئەمڕۆدا زیاتر درک بە ناخی خۆمان دەکەین، زیاتر تیا دەمێنینەوە، هەڵوەستەکانمان هەڵوەستەکردن نیە بەرانبەر بە کەڤاڵێی رەنگاو رەنگ، بەڵکو خوێندنەوەیە بۆ لێدانی فلْچەو ، شۆڕبوونەوە بۆ ناو ئازارەکان و ئاوێتەکردنیان بە رووح. ئەمڕۆ چاو نانوقێنین بۆ ڤیروسیا کردنی دەرهاویشتەکان، شاعیر ئەو حاڵەتەی بە جوانی لە قەسیدەکەیدا تەوزیف کردووە و دەڵێت:

لەبەر جامی پیکابەکەدا

پەلە پەل

بە پەنجە.. قژێک دادێنم

چش لەو دڵداریانەی کە نەمکردوون

چش لەو شیعرانەی

کە نیوەناچڵ جیم هێشتوون

ڤیروسیا لەو نهێنیە گچکانەی نەمدرکاندوون

پیکابەکەم دەخەمە ئیش

.......... هتد

جامی پیکابەکە خوێندنەوەیە بۆ ئەودیوی خۆمان، جامی پیکابەکە ..ئاوێنە نیە خۆمانی تیا بە تەواوی ببینینەوە. خۆمان لە جامی پیکابەکە بە رووکەش دەبینین، لەودیوی خۆمانەوە ناخێکی قووڵ دەبینین. لەودیوی جامەکە عومرێکی درێژی رابردوو بە ئێستاوە دەبینین، منداڵێکی گەورە ..گەورەیەکی منداڵ. دونیای ناو پیکابەکە ..دونیای منداڵە بە هەموو حەزەکانیەوە، دونیای غوربەتە بە هەموو دووریەکانیەوە، دونیای سەفەرە خولانەوەیە بە هەموو رێگاکانی گەڕانەوە، گەڕانەوە بۆ بەسەر کردنەوەی خەمەکان، ئازارە قەتیس ماوەکانی رووح، ئەو دەمەی عیشق لەسێدارە دەدرێ، لەوی منداڵی ئێمە دەبەنەوە لای مەنفاکردن و لە دورگەی نەهامەتیەکان، وەک بەردەکەی سیزیف ، هەر بەرەو خوار خلۆر دەبێتەوە.

دونیایەک پەلە پەل دەمانباتەوە بەرەو نادیاریەکان، هەر وەک چۆن پەلە پەل مرۆڤ دەباتەوە بەر قەنارە. بێئومێدی دەرگایەک نیە لە

ناکاودا بکرێتەوە، پەنجەرەیەک نیە بڕوانێ بەسەر چاوەڕوانی. ئێمە بیری منداڵی زاڵترە بەسەر بیرەوەریەکانماندا، ئەو منداڵیەی دەرک ئامبازمان دەبێت لە تەک ترس و راچڵەکیندا. تەنها منداڵی لە روانگەی هزرماندا بە ئاشکرا چەتوونە، ئێمە منداڵی ئاشنای کردین بە غوربەت، غوربەتمان لە چاوی منداڵیەوە بینی، ئەو دەمەی فامان بە کویرەوەریەکان کرد، ئەو دەمەی لە ئاشتیدا زیاتر دڵخورپەمان دەرکرد. منداڵی قیروسیای لە هموو عومرمان کرد. هەر بۆ ئەوەی منداڵی لەبیر نەکەین، بە کورپەیی چپاندیانە گوێمان ژیانیان بە گوێماندا گەورە کرد.

گۆرانی شاعیر ئاوا هیوای کۆڕی دەدوێنێ:

بە چی مەعلووم کە چی لەو تەختی نێوچەوانەدا نووسراوە

ئەمە وەڵامی هەموو ئەو دڵە راوکێیەو ختوورانەن کە تیاماندا دەڕسکێ، کە بە دیویکی تر وەڵامێکی پووختە بۆ مەینەتیەکان، گۆران دەزانێ چی لە تەختی نێوچەوانی هیوا دا نووسراوە، بەڵام دیەوێ هەر لەو ساتەوە منداڵی لە هزری هیوادا بسڕێتەوە، هیوا کە گەورەبوو بە پیکابی باغەوە دانەکوڕمێ لە سیلەی دیوارەکانی غوربەتدا، لە جامی پیکابەکەوە نەڕوانێتە منداڵی خۆی. دواجار گۆران نازانێ بۆ هاوڵی سەفەری منداڵی خۆی دەستی هیوای گرتووە، ئەگەر چی نایەوێ هیوا بە پیکابە باغەکەوە وڕک بگرێ، بەڵام بە دیوێکی تر گۆران نازانێ لەو غوربەتەی خۆی چۆن بگەڕێتەوە ، ناچار هیوا دەکات بە دەلیل و زۆر بە نەرمی داوای لێ دەکات سواری پیکابەکەی بکات و بگەڕێتەوە،

هەقت بوو بەحر پڕکەی لە تف و بیدەی بە نێوچەوانی باوکیما

زمان .. خەیاڵ.. وێنا

زمان.. لای دلاوەر زمانێکی شەفافە، وەک ئەوەی لە قوتابخانەیەک وانەی کوردی بە منالە چاوگەشەکانی کوێرە دێیەک بڵێتەوە. زمانێک دوور لە پلاستیکی. گەڕان لەناو زمانی شیعری قەرەداغی ، گەڕانە لە ئاساوەری مرۆڤەکان، ئێمە لە خوێندنەوەی قەسیدەی (پیکابێکی باغە)دا هەست دەکەین، کارەساتە بە گۆڕنراوەکانی مێژوومان بۆ هەڵدەداتەوە، ئەو بە رووح لەتەک ئێمەدا دەدوێ، زمانی دلاوەر زمانێکی رووحیە، وەک کەسێک لە میحراب نوێژی زمان بکات، یا لە تەک برێ منالی باخچەیەک سەرگورشتەی منالی پەپوولەکان بگێڕێتەوە.

شاعیر ئەگەر چی گەشبینی لە شیعرەکانیدا نیە، وەلێ ئەو نایەوێ شتەکان وەک خۆیان نەگێڕێتەوە. ئەو مەینەتی منالی و گەڕەکە کوێرەوەریەکان و مەینەتی کوردەواری و تەنانەت غوربەتە ئازاراویەکانیش بەوەوە دەبەستێت کە نیشتمان جێهێشتن ..جێهێشتنی بنەماڵەو دایک و باوکە ، بەهەشتی مەنفا دۆزەخی دونیای کوردەواری ناسڕێتەوە .

قسە خۆشەکانی نازدار و جادەی پڕ مەینەتی پرتەقاڵ و قرچەی هاوین و لە سیلەی خەستەخانەی مەرگەساتەکانی مرۆڤ، گشت ئەم وێنانەو حکایەتە خورافیەکانی داپیرە، دەلالەتن لە نائارامی نیشتمان، بەردەوامی جەنگ، کۆرەوی و کۆمەرگی نەتەوەیەک، لە ژێر پەیامی ئیسلامی و قسەکانی خودا .

ئەم زمان و وێنانەخەیاڵکردن نیە بۆ دەقی شیعر و بەردەوامی لە هۆنینەوە، ئەمە داهێنانی حەقیقەتە، بەو ناونیشانانەی تا ئەمر لە پای حکومەتی خۆشمانەوە درک بەو ئازادیە ناکەین، کە ئاسەواری ئەو ئازارانە بسڕنەوە، کە چارەنووسیان بردینەوە لای مەرگەساتەکان، چارەنووسیان نا بە نێوچەوانی منالیمانەوە، کە چارەنووسی شوومیان خستە هەموو ئومێد و ئارەزوو و حەزەکانمانەوە زمانی منالی زمانی دلاوەرە لە سەفەرێکی دوورو درێژی عومر ، زمانی منالی گێڕانەوەی حەدەسەکان نیە لە بەسەر کردنەوەی رابردوو، گیڕانەوەی ئەو ووردکاریەیە کە هێند ناسکبوونە لە راڤەی ژیان، ئەوسا نەمانوویستوە بیدوێنین، مرۆڤ لە شەوێکی بەفرانباردا لەم دیوی پەنجەرەکانەوە ، هاتنە خوارەوەی بەفر دەبینێ، حەزێکی زۆری هەیە بۆ سەمای ژێر ئەو بەفربارینە، لە پەنجەرەی منالی مرۆڤ کورد، تێڕوانین بۆ هاتنە خوارەوەی بەفر..هاتنە خوارەوەی مەینەتیەکانە، هاتنە خوارەوەی شەولەبانەکانە، لەو شەوانە کە مرۆڤ جەژن بۆ سالێی نوی دەگێڕێت و مراز بۆ ژیانێکی خۆشتر هەڵدەدا، لای ئێمە شیوەن بۆ کارەساتەکان دەگێڕێت، مراز بۆ نەهاتنی سالێکی تر دەکات، کە مەینەتیەکانی گەورەتر دەبێت .

دەرئەنجام

*لە پرسیارێکی رۆژنامەی لۆمۆند کە لە خۆرخێ لویس بۆرخیس یان کردبوو، کە ناخۆشترین رووداو لە ژیانی ئەودا چی بووە..لە وەڵامدا دەڵێت:

یەکە شت ئەوە بوو کە بووم بە سەرۆکی پەرنوکخانەی نیشتمانی پۆنس ئایرس، دووەم شت ئەوەبوو لەو کاتی سەرۆکایەتی ئەو کتێبخانە

گەورەیە ، من دووسەد هەزار کتێبم لەبەر دەستابوو، نابینایی ڕێی خوێندنەوەیان لێ گرتبووم.

*دلاوەر قەرەداغی لە شەش کۆپڵە شیردا ڕۆمانێکمان بۆ دەگێڕێتەوە.زەمەنەکان لە هیوای گۆرانەوە دەست پێدەکات و لە غوربەتی دلاوەرەکان کۆتایی پێ دێ.

*تراژیدیا لە شیعرەکانی دلاوەر گوتاری شیعر نیە بە قەد ئەوەی جیهانبینیە لە واقیعی فەرزکراو بۆ نەتەوەیەک بۆ سڕینەوەی چارەنووسی بوون.

*دەنگەکان لە خودی نەفسی شاعیرەوە هەڵدەقووڵێ،ڕاستگۆیانە ئەو واقیعە دەگێڕێتەوە کە خۆی بەشیکە لێی.

*وێناکانی دلاوەر لە رووی کۆمەلایەتیەوە هەموو هەر بەش مەینەتیە، کە دەلالەت لە یەک پەیامیکوردستان و کورد دەکات بە پارچە کراویشەوە .

*هەڵبەت ئاساییە جیاوازی لە دونیای دلاوەر جیاوازیە لە بەش مەینەتیەکانی نیشتمان و بەش مەینەتیەکانی غوربەتی نانیشتمانی.
وەلێ ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان رابردووەکانی نیشتمان و داهاتووەکانی غوربەت دونیایەکی کارێگەربوە لە سەر هەست و نەستی شاعیر لە مەڕ مرۆڤایەتیی نائامادە . نائامادە لەو کوردستانەی مرۆڤ بە شەریعەتەکانی خودا فەنا دەکەن.

*شیعر بریتیە لە ووشەو ئیقاع و هەست و نەست، کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگۆڕێت، ئەوەی ئەو گۆڕانانە دادێنن..ئەوە بلیمەتەکانن..((دیلان توماس.((

دلاوەر بۆ نەوەی ئەمڕۆ بلیمەتە.

*نا ئامادەگی رەخنە گران و لێکۆڵەوەران لە دونیای دلاوەر قەرەداغی درک نەکردنە بەو دونیایەی بلیمەتێک گوزارشتی لێ دەکات..

*بۆ خۆیشم زۆر زەحمەتە لەو دونیایەی ئەودا توانیبێتم بە کاوەخۆوە شتەکانم درکاندبێ.. ئەوەندە هەیە وەک نەفەرێکی ناو پیکابە باغەکەی قەرەداغی شۆربووبێتمەوە ناو کوردەواری‌و نامەیەکم گەیاندبێ بەم نەوەیەی ئەمڕۆ .

سەرچاوە

- گۆڤاری کارنامە..جۆزەردان79..ژ11
- من لە شارێکی زۆ ر دوورم ..نامیلکەی شیعر دلاوەر قەرەداغی 2008
- گۆڤاری کارنامە..جۆزەردان79..ژ11
- هەمان سەرچاوەی من لە شارێکی دوورم
- مختارات فی الادب التونسی ..افاق عربیە 1986
- توفیق بکار افاق عربیە 1989
- اتجاهات جدیدە فی الشعر الانکلیزی ..ف.ر.لیفر ترجمە عبدالستار جواد منشورات وزارە الاعلام 1977..ع 36

- لۆرکا
- رۆژنامەی لۆمۆند دیپلۆماتی raomon chao 2001

نووسینی :فەیسەڵ هەمەوەندی

Email:
faesal_t@yahoo.com